# له ستایشی ئازادیدا

**له ڕۆژنامەی(هاوڵاتی)ەوە وەرگیراوە**

**بەختیار عەلی**

بۆئەوەی بزانین سیستمێک دیموکراسییە یاخود دیکتاتۆری، گەلێک پێوەرمان لەبەردەمدایە، بەڵام گرنگترین پێوەر ئەوەیە بڕوانین :ئاخۆ لەم سیستمەدا پتر گفتوگۆ لەسەر مانای ئازادی دەکرێت، یاخود لەسەر سنوورەکانی ئازادی؟

ئایا پتر باس لە جەوهەری ئازادی دەکرێت یان لەسەر یاساکان و چۆنێتی ئیشکردنیان؟ ئایا چەقی قورسایی بیرکردنەوەی ئەم کۆمەڵگایە بە ئاراستەی تێگەیشتنە لە ئازادی یان بە ئاراستەی تێگەیشتنە لە قانون؟ ئەوەی من لە ئێستادا تەواو تووشی ڕاچڵەکان و ترس دەکات، ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە کە کەسانێک تێیدا قسە لە یاسا دەکەن و یاسا دادەنێن دوورو نزیک خاوەنی وشەیەک نین لەسەر ئازادی، نوءسەر گەلێک و سیاسەتمەدارانێک و یاساناسێک ڕای گشتی دەتاشن و قانون دروستدەکەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێمان لێ نەبووە تێڕوانینێک یان دیدێکی فیکری و فەلسەفییان بۆ ئازادی هەبێت. بەکورتی: کارەساتی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە، بیرمانچۆتەوە قسە لە ئازادی خۆی بکەین

.

لە سەرەتای سەدەی بیستدا کاتێک بۆ یەکەمجار هوشیاری فیکری ئێمە لە سێبەری دین دەردەچێت، دوو چەشنە تێگەیشتن لە ئازادی دێتە ئاراوە، مارکسیسیەتەکان ئازادی لە سنووری ئازادی سیاسی ـ ئابووریدا گەمارۆدەدەن. دواتریش ناسیۆنالیستەکان ئەم ئازادییە بۆ ئازادی سیاسی کورتدەکەنەوە. هەردووک ئەم چەمکانەش نابنە شوێنی پرسیارو مشتومڕی ڕاستەقینە، ئیدی خودی چەمکی ئازادی وەک چەمکێکی فەلسەفی گرنگ و ئاڵۆز دەکشێتە دواوەو دوای ئەوەی لە قاڵبی کۆمەڵێک دروشمی مردوودا دیلدەکرێت، دونیای ئێمە بە تەواوەتی چۆڵدەکات و جێماندەهێڵێت. بەڵام دەبێت ئاگاداربین: لەهەر شوێنێکی دونیادا قسەکردن لەسەر ئازادی وەستا، کۆیلەیەتی بآ قسە دەستپێدەکات.

هەندێکجار واهەستدەکەم کۆی کێشەکانی دونیای ئێمە لەوێوە دەستپێدەکات، کە ئێمە کێشەی ئازادیمان کردۆتە دەرەوە. بەبآ دیاریکردنی مانای ئازادی ئەستەمە بزانین تازەگەری و گەشەو کرانەوەو دیموکراسییەت مانای چی، بۆئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا لە سەرەتایەکی ڕاستەوە دەستپێبکەین، دەبێت دیالۆگێکی کراوەو ڕاستەقینەو قووڵ لەسەر چەمکی ئازادی دەستپێبکەینەوە. چۆن دەکرێت گۆڕان لە پەروەردەو بازاڕو ڕاگەیاندندا بکرێت، گەر پێشوەخت لەسەر ئازادی قسەمان نەکردبێت، گەر پێشوەخت چەمکی ئازادی لە چەقی هەموو دیالۆگەکاندا نەبێت کە لەسەر ڕەهەندەکانی ژیان دەیکەن. هەر کات ئەم چەمکە نائامادەبوو، ئیدی هەموو جوڵەیەک لە مێژوودا، هەر هەوڵێک بۆ گۆڕان دەشێت بە کارەسات بشکێتەوە.

تازەگەری و گۆڕان لەکۆمەڵگادا بریتییە لە سەوزکردنی ئەم چەمکە لە ناوەڕاستی هوشیاری مرۆڤەکان و لە سەنتەری پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگادا. گەر کۆمەڵگایەک ئامادەی قسەکردن نەبێت لەسەر مانای ئازادی، یاخود توانای ئەو قسەکردنەی نەبێت، ئەوا هەزاران فرسەخ لە تازەگەری و مۆدرێنەوە بەدوورە. کۆمەڵگا تەنیا ساتێک لە جەبەروتی عەقڵی موتڵەقگەراو دۆگماتیزمی دینی و خورافاتی میتافیزیکی دووردەکەوێتەوە، کە ئازادی شوێنی ناچاری و جەبرو نەرێتەکان بگرێتەوە. کە پآ لەسەر ئەوە دادەگرم کە کۆمەڵگای ئێمە لەمرۆدا جیاوازییەکی گەورەو دابڕانێکی ڕاستەقینەی لە سەدە کۆنەکان بەدەست نەهێناوە، کە دەڵێم کۆمەڵگای ئێمە تا ئەمرۆ بە ڕەهاو بآ چەندوچوەن کۆمەڵگایەکی تاسەرئێسقان دینییە، لەبەر ئەوەیە لەگەلڕ هەموو گۆڕانکارییەکاندا سەدەی بیست نەیتوانی چەمکی ئازادی لە ناوەندی ژیانی ئێمەدا بڕوێنێت. ئەم چەمکە تائێستا چەمکێکی نامۆو دەرەکی و بێبایەخە
.

ئێستا ساتێکی مێژوویی کۆمەڵگای ئێمەیە. گەر لەم ساتەدا گۆڕانکاری قوەلڕ لە سیستمی جیهانبینی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕوونەدات، دەرەنجامە ترسناکەکانی ماوەیەکی درێژ ئاسەواری گەورە لە مێژووی کورددا جێدەهێڵن .بایەخی ئەم ساتە بەشێکی لەوەدایە کە بەربەرییەتی ترادسیۆنیستەکان و توندڕەویی ئیسلامیی ئاشکرا ڕووی ڕاستەقینەو خوێنینی خۆی دەرخستووەو بانگماندەکات بۆ ئەلتەرناتیڤێکی مێژوویی گەورە بگەڕێین. ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات ئەوە دەهێنێت پالڕ بە کۆمەڵگاکان و میللەتانی ئەم ناوچەیەوە بنێت بەسەر ترادسیۆن و ڕابردووی خۆیاندا بچنەوە. ئەو بایەخەش لەوەدایە کە دەبێت کورد لەم ناوچەیەدا ڕۆڵێکی ئەخلاقی گەورە ببینێت، هیچ میللەتێکیش ناتوانێت ڕۆڵێکی ئەخلاقی گەورە ببینێت کە کولتوورێکی فیکری قووڵی نەبێت. تاکە ڕێگایەک بۆئێمە کرابێتەوە بەرەو پاشەڕۆژ، ئەم ڕێگایەیە کە بەناو ئازادی و لێبوردندا دەڕوات، ئێمە لەو میللەتانە نین کە شانازی بە هێزەوە بکەین، بەڵام دەتوانین مۆراڵێکی ترو جیهانبینییەکی تر لەم ناوچەیەدا سەوزبکەین .بەڵام ئەوەی ئێستا هەڕەشە لە کورد دەکات ئەو هێزە ناوخۆییە ترسناکانەن کە ناهێڵن جارێکی دی پێناسەی ئازادی و ئەخلاق بکەینەوە. بەبآ پیادەکردنێکی نوێی ئەم دوو چەمکە، ناتوانین ڕۆڵێکی نوآ لە دروستکردنی پاشەڕۆژدا ببینین .گەورەترین دوژمنانی کورد ئێستا لە دەرەوەنین، بەڵکو لە ناوەوەن
.

جارێک کریشنا مۆرتی لە "سەد ساڵە"کەیدا دەنووسێت "کە تۆ دیل بیت، من باسی ئازادیت بۆ ناکەم. من دەمەوێت پێت بڵێم چۆن زیندان دروستدەکرێت، گەر ویستیشت چۆن دەڕوخێنرێت، ئەوە ئیشی منە." لە ئێستادا قسەکردنی ئێمە بەگشتی لەئاستی یەکەمدا وەستاوە، ئێستا هێندەی قسە لەسەر چۆنێتی دروستکردنی زیندان دەکرێت، قسە لە چۆنێتی ڕوءخانی ناکرێت. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا هەرگیز قسەیەکی جیدیمان لەسەر چۆنێتی ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەبیست، سەرتاپای قسەکان بەو ئاراستەیە بوون چۆن دەسەڵاتێک دروستبکەین بە ئاسانترین و باشترین شێوە ئەم کۆمەڵگایە کۆنترۆڵ بکات، لەم پازدە ساڵەدا تەنیا هێزە گەورەکانن بیر لەوە دەکەنەوە چۆن تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردن گەشەپێبدەن و نوێی بکەنەوە، وێنەیەکی دەسەڵات دروستبکەن هونەری و قانونی و ئیداری بنوێنێت، بەڵام فەردێک کە ئازاو ئازادو هونەرمەند

بنوێنێت، دیلی قاڵبەکانی ترادسیۆن و لەزەتە بآ شومارەکانی کۆیلەیەتی نەبێت، هەڵگری مۆراڵێکی ئەلتەرناتیڤ و ئەخلاقێکی دەستەمۆنەکراو بێت، لە ئاسۆکانی خەیاڵی کۆمەڵایەتیماندا نەبووە. ئەزموونی پازدەساڵی ڕابوردوو پێماندەڵێت کە دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی کوردی بایەخی سەرەکی بە سیستمی کۆنترۆڵکردن دەدەن، نەوەک بە مەسەلەی ئازادی. دەسەڵاتدارانی کورد لەم ئەخلاقەدا جیاوازییەکی جەوهەرییان لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی تری دونیادا نییە. لێرەدا ڕستەیەکی "ڕۆبەرت مۆزیل"م بەیاددێتەوە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا" پیاوێک بەبآ سیفات". مۆزیل لەوێدا دەڵێت "دەوڵەت ئەو شتەیە کەبۆ هەموو کارێکی گێلانە، بۆ هەموو گەمژەکارییەک پوڵ و سامانێکی زۆر سەرفدەکات، بەڵام هەر کار گەیشتە سەر چارەسەرکردنی پرسیارە ئەخلاقییە گرنگەکان، ئیدی قڕانێک لە خەزێنیدا نییە. ئەمە پەیوەندی بە سروشتی دەوڵەت خۆیەوە هەیە، وەک بەدترین و گێلترین شتێک کە ئادەمیزاد دروستی کردبێت". دەوڵەت بەڕای مۆزیل بەدترین و گێلترین شتێکە ئادەمیزاد دروستی کردبێت. ڕەنگە زۆرکەس لەگەڵیدا ناتەبابن، بەڵام من لەگەڵیدا تەبام. بۆیە لێرەدا باس لە خراپیی دەوڵەت دەکەم بۆئەوەی لە سەرەتاوە پرسی ئازادی لە دەوڵەت بستێنینەوە، ئازادی هەرگیز لە مینبەری دەسەڵاتەوە بەڕاستء دروستی باس ناکرێت. مەسەلەی ئازادی تەنیا کاتێک مانای هەیەو دەبێتە مەسەلەیەکی جیدی و فیکری کە دەوڵەت لووتی خۆی نەخاتە ناوی. بەکورتی بۆئەوەی ژیان بگێڕینەوە بۆ پرسیاری ئازادی و ماناکانی ئازادی، پێویستە هەموو پرسیارەکان بکەین، هەموو پرسیارەکانیش وا دابڕێژین لەسەر جەوهەرو مانای ئازادی کۆببنەوە. ئازادی شتێکە لەناو تێڕامانی عەقڵی و پراکتیکی ڕۆژانەدا تاقیدەکرێتەوە. نابێت کێشەی ئازادی لە هیچ کێشەیەکی بچووکدا کورتبکرێتەوە، چونکە ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کێشەیەکی فرە ڕەهەندە، کێشەیەکە دەبێت لەهەموو گۆشەو کەلێنێکدا ئامادەبێت، هیچ شوێنێک و هیچ کایەیەک لە دونیای ئێمەدا نییە کێشەی ئازادی و پرسیارە هاوتاکانی بەوردی تیا چارەسەرکرابێت. دەتوانم بڵێم ئەو ئێرسە دوورو درێژەی دین و کۆیلەیەتی و ترادسیۆن، ئەو کولتوورە شەڕانگێزەی سەدەی بیست و ناسیونالیزمە دڕندەکانی دەوروبەر بۆ ئێمەیان جێهێشتووە، لە پاڵیشیاندا ئەو دۆخە نالەبارو سوریالی و سەیرەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، وادەکەن تا دەیان ساڵی دیکە مەسەلەی ئازادی وەک سەرەکیترین و ناوەندیترین چەمک بەهای خۆی ون ناکات، بە کورتی ئەم چەمکە هێند فراوان و پڕئاسۆیە، دێڕێکی جوانی "والتەر لۆدین"م بەیادا دەهێنێتەوە، لە تێکستێکدا بەناوی "بەسادەیی لە شیندا" کە دەڵێت "ئەوەی فراوانیی ئاسۆکانی ئازادی نەناسێت، لە تەسکیی و تەنگەبەریی ناو زیندانیشدا ئاسوودەیە." من دەپرسم: ئاخۆ بڕێکی گەورەی ئەو ئاسوودەگییە درۆیەی لەکوردستاندا هەیە، ناگەڕێتەوە بۆئەوەی دەستبەرداری بیرکردنەوە بووین لە ئازادی. تەماشانەکردنی ئازادی وەک کێشەیەکی گەورە، ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتی ئێمەی گۆڕیوە بۆ بیابانێکی ترسناک، هیچ مرۆڤێک لەم کۆمەڵگایەدا ناوێرێت باس لە لەشی خۆی بکات، باس لە ئیمانی خۆی بکات، ڕاشکاوانە قەناعەتە دینی و ئەخلاقی و سیاسییەکانی خۆی ڕابگەێنێت. ئێمە کۆمەڵگای کۆپیکردنەوەی مرۆڤەکانین لەبەریەک، وێنەیەکی مرۆڤمان هەیە کە دین و ترادسیۆن و دەسەڵات قەبووڵیانە، هەموو مرۆڤەکانی دی لەسەر ئەو کۆپییە خۆیان دروستدەکەنەوە، لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئازادی نەبوو، مرۆڤەکان هەموو لە یەکدەچن

.

مەترسیی نەبوونی ئازادی لەوەدانییە کە گەر ئازادی سەروکاری ونبێت، ئیدی لەوانەیە مرۆڤەکان

هەست بە دیلی و کۆیلەیەتی بکەن، بەڵکو لەوەدایە تەواوی مرۆڤەکان دەکات بە خاوەنی هەمان هیواو هەمان خەون، هەموو بەرەورووی یەک ئامانج و بەرەو یەک خواست دەڕۆن، ڕێگای مرۆڤبوونی خۆیان لەوەدا دەدۆڕێنن لەیەکدی بچن، خاوەنی یەک شت بن و بەیەک شێوە بژین . کۆمەڵگا هەموومان ناچاردەکات بەیەک جۆر کار هەستین و بەیەک شێوە بیربکەینەوە، لێرەوە بۆچوونە بەناوبانگەکەی ڕۆسۆ بەرابەر ئازادی زۆر بەڕاست دەزانم کە دەڵێت "ئازادی مرۆڤ لەوەدانییە، بەوکارانە هەستێت کە خواستێتی ئەنجامیانبدات، بەڵکو لەوەدایە بتوانێت بەوکارانە هەڵنەستێت کە خواستی نییە ئەنجامیانبدات." بۆئەوەی لە یەکدی نەچین دەبێت بتوانین دوور لە یەکدی بوەستین، دەبێت بتوانین نەچینە ژێر ئەو جەبرانەوە کە کۆمەڵگا دەیانخاتە سەرمان، دەبێت بتوانین ئەوکارانە نەکەین کە نامانەوێت بیانکەین.

لە کۆمەڵگای کوردیدا گەڕانی مرۆڤ بۆ تایبەتمەندبوون و جیابوونەوە لەمێژە سیفەتی عەقڵیی و ڕۆحیی ونکردووە. لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئازادی نەبوو، مرۆڤەکان بۆ تایبەتمەندی ناگەڕێن، دەبنەوە ئەو وێنەیەی دەسەڵاتی دینی و سیاسی دەیکێشێت. مێگەلگەرایی دەرەنجامێکی سروشتی نەبوونی ئازادییە. مێگەل دروستبوونی کۆمەڵگایەکە هەمووان لەدەوری یەک سەمبول سەمادەکەن، هەمووان لەدەوری یەک موقەدەس گڕدەخۆن، یەکجۆرە وشەو یەکجۆرە دروشم و یەکجۆرە ئاماژە دەیانجوڵێنێت. ئازادی مانای ئەوەی مرۆڤ لەژێر فشاری لەیەکچوون و دووبارەبوونەوەدا نەبێت. مرۆڤ کاتێک دەتوانێت لە مێگەل دەرچێت کە لەژێر کاریگەری ئەو سیستمە ڕەمزی و ئاماژەکارە دەرچێت کە بەدین و ترادسیۆن و دەسەڵات ئابلۆقەیدەدەن.

لەهەر جێگایەکدا بیرکردنەوەی مرۆڤەکان وەک یەک وابوو، واتە هێزێکی گەورە هەیە یەکیاندەخات، جیاوازییەکانیان دەسڕێتەوە، بەزۆر لەدەوری یەک سیستمی ڕەمزی کۆیاندەکاتەوە. ئازادی ئەوەیە نەچمە ژێر مەرجەکان و وێنەیەکی دی بۆ مرۆڤ بکێشم کە هەڵبەت ئەو مرۆڤە نییە کە ئەوانی دی چاوەڕوانی دەکەن، لێرەوە ستایشکردنی ئازادی، هەمیشە ستایشکردنی مرۆڤێکە کە لە ئێستای ئێمە ناچێت، مرۆڤی ئازاد کەسێکە لە ئێستاو ڕابردووەوە دێت، بەڵام ماڵی ڕاستەقینەی لە پاشەڕۆژدایە. ئازادی تەنیا دەنگێک نییە کە دەوێرێت قسەبکات و بیربکاتەوە، بەڵکو لەشێکیشە کە دەتوانێت ئەو ئازادییە هەڵگرێت و پراکتیکی بکات
.

کاتێک دەڵێم ئێمە ئازادیمان لەیادکردووە، مانای ئەوەنییە ئێمە بەوە ئازاد دەبین بوێرین ئازادی بهێنینەوە یادمان، ئازادی بەر لەهەر شتێک پراکتیککردنی ئازادییە. هەرکات سنووری نێوان تیورەو پراکتیک لەئازادیدا گەورەبوو، مانای هێشتا لە کۆیلەیەتیدا دەژین. هەر کەسێک باسی لە دواخستنی ئازادی کردو ویستی ئازادی خۆی هەڵگرێت بۆ دەورو زەمانێکی دی، وتی ئێستا کات و شوێنی ئەمجۆرە یان ئەوجۆر لە ئازادی نییە، ئەوە دیلێکی گەورەیە، ئازادی جەوهەری مرۆڤە لەبەرئەوە پاش و پێش ناخرێت. کۆمەڵگایەک کە قسە لە ئازادی دەکات و ناتوانێت پراکتیکی بکات، کۆمەڵگایەکی ناتەندروست و نەخۆشە، بەڵام کۆمەڵگایەک بتوانێت بآ ئەوەی بیر لە ئازادی بکاتەوە بژی و ئاسوودە بێت، ئەوەیان ڕاستەوخۆ بەشێکە لە دۆزەخ. ئێمە کۆمەڵگایەکین فێربووین بتوانین بیر لە ئازادی نەکەینەوە، چواردەوری مرۆڤی ئێمە بە تۆڕێکی وەها عەقڵی و ئایدۆلۆژی و ئەخلاقی چێنراوە ناتوانێت ئازادی بەکاربهێنێت .ئازادی تەنیا کاتێک مانای هەیە کە مرۆڤ بتوانێت

بەکاریبهێنێت، هەر ئازادییەک نەکرێت یان نەگونجێت بەکاربهێنرێت بەشێکە لە کۆیلەیەتی، بۆیە ئەو یاسایانەی لە قانوندا باسی ئازادییەکان دەکەن و مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ناتوانێت کاریان پێبکات، دەبنە هێزێکی گەورەی ڕازاندنەوەی کۆیلەیەتی .گۆڕینی ئازادی بۆ وشەیەکی بآ مانا کە ببێتە دیکۆری کۆیلەیەتی، ترسناکترین یارییەکە بشێت میللەتێک لە مێژووی خۆیدا بیکات.
مەسەلەی ئازادی لە دونیای ئێمەدا تەنیا لە پەیوەندی تاک و دەسەلآت یان تاک و کۆمەڵگادا کورتناکرێتەوە، جگە لەم دوو تەوەرە گەورەیە، گەلێک تەوەری دیکەشمان لەبەردەمدایە بۆئەوەی کاری لەسەر بکەین: لەوانە ئازادی لە پەیوەندی ئێمەو سروشتدا، ڕۆڵی عەقلڕ لە ئازادیدا، ئازادی و کێشەی ترادسیۆن، ئازادی و زمان و هەموو پرسیارە گەورەکانی تر کە بەبآ ئیشکردنی بەردەوام لەسەریان وەک کۆمەڵگایەکی بآ قیبلەنما دەنوێنن. شەڕی ئازادی تەنیا شەڕێکی سیاسی نییە لەگەلڕ دەسەڵاتدا، بەڵکو شەڕێکی عەقڵییە لەگەلڕ کولتوورێکی دوورو درێژی بیرنەکردنەوە لە ئازادیدا.
زۆرن ئەو هۆیانەی لە ڕێگایانەوە کولتووری بیرکردنی ئازادی و فەرامۆشکردنی ئازادی درێژە بەخۆی دەدات. لەسەروو هەموویانەوە ئەو ناکۆکییە قووڵەیە کە لەنێوان ئازادی و سەلامەتیدا دروستدەکرێت. تائێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا بە ئاستی جیاواز شێوەی جیاواز، مرۆڤ وا ڕادەهێنرێت بیرکردنەوە لە ئازادی وەک ئیشێکی پڕ مەترسی سەیربکات.
یەکێک لەو نوشوستییە ترسناکانەی کۆمەڵگای ئێمە دوای ڕاپەرین پیاڕۆیشتووە، ئەوەیە نەیتوانیوە هیچ شتێک لەترسی ئازادی کەمبکاتەوە، بەپێچەوانەوە لەدوای ڕاپەرینەوە ئازادی سیفەتی ئەو خەونە موبارەکە وندەکات و وەک جۆرێک لە گێرەشێوێنی کۆمەلآیەتی تەماشادەکرێت .
دەسەڵاتدارانی کورد پێیانوایە مەسەلەی ئازادی لەکوردستاندا کۆتایی هاتووەو هەر قسەیەک لە ئازادی بە جۆرێک لە جۆرەکان دروشمێکە دژ بەوان بەرزدەکرێتەوە، قۆناغی دوای ڕاپەرین قۆناغی ئازادی نییە، بەڵکو سەردەمی فۆبیایە لە ئازادی، سەردەمی سەرهەڵدانی جۆرە کۆمەڵگایەکە، پرسیار لە ئازادی لە دڵی خۆیدا دەخنکێنیت و نایەوێت مەرج و پێشینە فیکری و ئەخلاقییەکانی بۆ ئامادە بکات.

دواجار دەبێت بڵێم، هەڕەشەی دەرەکی بۆسەر کوردستان هەرگیز وەک بەهانایەکی عەقڵانی و دروست بۆ چەپاندنی هیچ جۆرێک لە ئازادی بەڕەوا نابینم، گەورەبوونی ڕووبەری ئازادییەکان لە ناوخۆدا چەکێکی گەورەی شەڕکردنە بەرامبەر بە ستەمی دەرەوە، ستەمی ناوەکی گەورەترین کۆمەکە بۆ ستەمکارانی دەرەوە، هیچ کۆمەڵگایەکی دونیاش نییە لەترسی دەرەوە تا هەتاهەتایە ئازادی لە ناوەوە بخنکێنێت. ئەرستۆ دەڵێت" کۆیلەی ڕاستەقینە کەسێکە، ئازادی بە سەلامەتی دەگۆڕێتەوە." دواتر بنیامین فرانکلینیش ڕایەکی لەوجۆرە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت "ئەوەی ئازادییە سەرەکییەکان بە کەمێک ئاسایش و خۆپارێزی دەگۆڕێتەوە، نە شایستەی ئازادی و نە شایستەی ئاسایشە".
لەبەرئەوە کێشەی ئازادی لە کوردستاندا، لە ڕووبەری هەرە گەورەیدا، کێشەیەکی ناوخۆییە کە پابەندی بە ستراکتوری کۆمەڵگای کورد خۆیەوە هەیە، نەوەک پابەندی پەیوەندی نێوان کورد و دەرەوەبێت. گەورەترین نیشانەکانی ترس لە ئازادی ئەو بێدەنگییە قووڵەیە کە ئەم کێشەیە لەژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیماندا هەیەتی، لە سالآنی حەفتادا کە ئەدەبی بەرگری مۆدێلێکی بالآدەست بوو،

هاوشان بەوجۆرە ئەدەبە، شێوە ئەدەبێکی فەردی و خودگەراش هاتە ئاراوە کەپێی لەسەر ئازادی فەردو خودگەرایی دادەگرت، کەچی لەدوای ڕاپەرینەوە ئەمجۆرە ئەدەبە لەبری ئەوەی گەشەبکات، پاشەکشێیەکی گەورەی کرد. ئێستا هیچ مرۆڤێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسی ئازادی ناکات، لەبەرئەوەی هیچ کەس بەدروستی نازانێت داواکردنی ئازادی مانای چی. گەورەترین هەنگاوێک لەپێناوی ئازادیدا بینێین ئەوەیە لە وشەیەکی گشتی بآ ناوەرۆکەوە بیگۆڕینەسەر تێزێکی عەقڵی و داواکارییەکی کۆنکرێت. لەهەر کۆمەڵگایەکدا مرۆڤەکان نەزانن پێناسەی ئازادییەکانی خۆیان بکەن، لەوە بترسن ناوو ناوەرۆکی پآ ببەخشن، نەزانن لە وشەیەکی گشتی و دیارینەکراوەوە بیگۆڕنە سەر وشەیەکی دیاریکراو نەتوانن لە وشەیەکی شیعرییەوە بیگۆڕنەسەر ئاسۆیەکی کۆنکرێت بۆ کارێکی کۆنکرێت و ئامانجێکی دیاریکراو، لەجۆرە کۆمەڵگایەکی وادا دەبێت ماڵئاوا لە هەمووجۆرە ڕووناکییەک بکەین. بەڕای من ئەو قسانەی کە لەکوردستاندا لەسەر ئازادی دەکرێن خزمەتێکی زۆری لەبیرچوونەوەی ئازادی دەکەن، ئازادی ڕاستەقینە شتێکە هەمیشە لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە قسەدەکات. ئەوەی چووە سەر کورسی دەسەڵات چیتر نوێنەری ئازادی نییە، بەڵکو نوێنەری دەسەڵاتە، تاکە ڕێگەیەکیش بۆئەوەی نەبێتە دوژمنی ئازادی ئەوەیە بەشداری نەکات لەسەرکوتکردنیدا. دواجار دەمەوێت بە شیعرێکی بەناوبانگی شاعیرێکی گەورە "ئیرش فرید" کۆتایی پێبهێنم، کە دەڵێت:

ئەوەی کە دەڵێت لێرەدا ئازادی حوکم دەکات یان درۆ دەکات یاخود بە هەڵەداچووە چونکە ئازادی هەرگیز حوکم ناکات